# کریکارانی کوردستان:
# دەرس وەرگرتنی چینایەتی لەجەرگەی ئال وگورە سیاسیەکان دا

یەکیک لە ئاکامە چارهەلنەگرەکانی شەش سال حوزووری بەکردەوەو بەئاشکرای حیزبی بورژوازی لەبزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستاندا-کە لەم شەش سالەدا ماوەیەکی زور هەموو وەیا بەشی زوری کوردستان ناوچەی ئازاد بووە و حیزبە سیاسیەکان لەلایەنە جوراوجورەکانی ژیانی سیاسی, کومەلایەتی وفەرهەنگی کومەل دا بەپیی سیاسەت وتوانایی خویان دەخالەتیان کردوە- ئەوەیە کە مەبەستی راستەقینەو شیوەو نەریت وسیاسەتە راستەقینەکانی ئەوحیزبە، بەپیچەوانەی ئەوەی بەرەسمی لەبابەت خویەوە وتوویەتی ونووسیویەتی، کەوتوەتە بەرچاوی کومەل, بەجوریك کەهەموو ئینسانیکی زەحمەتکیشی راست وبەشەرەف بتوانی بەتەجرەبە وبەئەزموونی راستەوخۆی خۆی پەی بەناوەروکی ئەو حیزبە بەریَ.
ئیستا خەلکی زەحمەتکیشی کەم ناوچەی کوردستان هەیە، بەمەرجیك کەحیزبی دیموکرات لەو ناوچەیە حوزووری چەکدارانەی بووبی، دلیان نەبووبیتە توماری تاوانەکانی حیزبی دیموکرات.
ئیعدامی بەنهینی وبی محاکەمەی خەلك, بلاوکردنەوەی فەزای ترس وتوقاندن لەنیو خەلکدا، ملهوری کردنی بەئاشکرا لەدژی خەلك، دژایەتی کردن لەگەل ئازادی بیروباوەر بەیان وعەقیدەی سیاسی-لە پشکنین وداسەپاندنی عەقیدەوە بگرە هەتا شکەنجە و رەشەکوژی، جەریمەکردنی خەلك بە بیانووی جوراوجورەوە، دەست بەچەك بردن بەرانبەر وبە زەحمەتکیشانەی زەویان موسادەرە دەکرد، ئیهانەت وبی حورمەتی کردن بەخەلك بەشیوەیەکی هەموو روژە، کوشتاری کومونیستەکان وکریکارانی شورشگیر, وە... تەنیا بەشیکن لەسەر دیرەکانی ئەم توماری تاوانە.
هەلبەت هەولْ وتەقالای ئەوحیزبە بو هاودەستی کردن لەگەل بورژوازی ئیران لەدژی شورش وخەلکی زەحمەتکیش، خوی تومار وپیشینەیەکی دیکەی هەیە.
خەلکی کوردستان لەبیریان ناچیتەوە کە هەرئەم حیزبی دیموکراتە بەچ تامەو لامەیەك ئامادەیی خۆی بو هاودەستی کردن لەگەل جمهووری ئیسلامی هەر لەسالی 58دا نیشان داو پاشان بە ناهومیدی وتی:چ هویەك ریگا لەهاوکاری حیزبی دیموکرات و دەولەت دەگری لە کاتیکدا کە حیزبی دیموکرات وەك هیزی سیاسی بەرپرس دەتوانی بەهاوکاری کاربەدەستانی دەولەت دەوری سەرەکی بگیری لەپاراستنی هیمنایەتی. ناوچەکەدا، وەهەروەها بەبیریان ناچینەوە کە حیزبی دیموکرات چلون ملی بەشوورای میللی موقاوەمەت دا و تەرحیکی بۆ ئیمزاکرد کەجگە لەشکانی بزووتنەوەی کوردستان, خەفەقان سەرکوت وپاراستنی نەزم ونیزامی کویلەتی، هیچتری بوخەلکی کوردستان تیدانیە وەزعییەتی ئیستاش بەروونی نیشان دەدا کە چلون حیزبی دیموکرات بۆ ریگا خوش کردن وپیك هینانی زەمینەی هاودەستی لەگەل جمهووری ئیسلامی دەستی داوەتە شەر لە دژی زەحمەتکیشانی کوردستان، پەنابردنی بەئاشکراو ڕاشکاوانەی حیزبی دیموکرات بوملهوری کردن, ترساندن ودیکتاتوریەتی رووت وبی پەردە لەرووداوەکانی ئیستادا وە تەنانەت بەئەنقەست بلاوکردنەوە ونیشان دانی سەرەرویی وملهوری لەبەرچاوی کومەل بەنیازی لە کۆت وبەنددا بەستنەوەی خەلك، خۆی لەخۆیدا سەرجەمی سیاسەتە دژی زەحمەتکیشی دژی دیموکراتیك و دژی خەلکییەکانی ئەو حیزبە بە دریژایی سالانی رابوردوو وەك سیستمیك دەخاتە بەرچاو، بەجوریك کەلایەنە جوراوجورەکانی ژیانی سیاسی وگورانکارییە سیاسیەکانی حیزبی دیموکرات بو هەر زەحمەتکیشیکی وشیارو خاوەن بیر لە کوردستان ئەوەندە

بەدەستەوە دەدا کە تێ بگاك لەروانگەی حیزبی دیموکراتەوە" سەرکەوتن"ی بزووتنەوە یانی چی، حیزبی دیموکرات لەم بزووتنەوەیەدا بە مانای چیە، وەتێبگا کە حیزبی دیموکرات کوردستانیکی چونیتی دەوی, چونکوو ئاشکرایە کە حیزبی دیموکرات بەتەمایە لە کوردستانی داهاتوودا کارکردەکانی ئیستاو ڕابردووی خوی" خستتر" بکاتەوەو "گەشە" یان پێدا جگە لەمەش ئەو تەرحانەی کە حیزبی دیموکرات بەناوی "سەرکەوتنی میژوویی خەلکی کوردستان"ناویان دەبا وئیمزای کردوون وپەیوەندیە کومەلایەتیەکان لە کوردستانی داهاتوودا لە روانگەی حیزبی دیموکراتەوە بەزمانی حوقووقی بەیان دەکەن ئەوەندە روون وئاشکرایە کە بکری تێشی بگەی ئەو حیزبە بە تەمای چیە. چەك کردنی گشتی وبەتایبەت پیشمەرگە، ماددەی یەکەمی یاسانامەی ئەو دەسەلاتدارەتیە دژی شورشەی دەولەتی مەرکەزی لە کوردستان دەبێ کەحیزبی دیموکرات دەبیتە دەرگەوان ویاساولی{ قانوونەکانی جمهووری-مەبەست جمهووری دیموکراتیکی ئیسلامیە- لەناوچەی خودموختاردا دەبێ بێ سێ ودوو بەریوە ببرین, [ماددەی دووهەمی تەرحی شوورای میللی موقاوەمەت بو خودموختاری کوردستان] وەبە پێی ماددەی چوارەمی ئەو تەرحە میزانی هیزەکانی انتزاماتی ناوخۆ هەربەپێی ئەم ماددەی دووهەمە دیاری دەکری]. دیسانەوە د،م لەشورش لار کەنەوەو راگەیەنن "شورش تەواو بووە، بەسەرکەوتن گەیشتوە، خودموختاریمان بەدەست هیناوە, ئیتر دەبی چەکەکان وەلانرین وبۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان هەول بدری"لەحالیکدا ئەرتەشی دەست لێ نەدراوی دەولەتی مەرکەزی لەکوردستان خەریکی جم وجوول ورمبازینەو لەوە دەگەری بزانی لەکوی بزووتنەوەیەکی هەقخوازانە هەرچەندیش بچووك بی- هەیە کە شەلالی خوینی بکا، چونکوو"هیمنایەتی سەراسەری جمهووری"، "یەکپارچەیی ئەرزی ئیران و یەکگرتوویی جمهووری "یەکەیان پیویستی بەم جورە سەرکوتە بەئاشکرایە هەیە. { ماددەی پینجەمی تەرحی شوورای میللی موقاوەمەت بو خودموختاری کوردستان}.

قەدەغەبوونی هەلسوورانی سیاسی، قەدەغە بوونی ئازادی بیروباوەر، بەیان, ریکخستن وکوبوونەوە ماددەیەکتری ئەم یاسانامە دژی کریکاری ودژی دیموکراتیکە دەبێ، تەنها ئەو کەسە، و ئەو گورووە وتاقمانە کەسەری تەسلیم ورەزایان بو ئەو دەولەتە مەرکەزیەی و حیزبی دیموکرات دانەواندوە, پییان دەڵێن"ڕەسەن وشورشگیر"،بەنوینەری زوربەی کومەلیان لەقەلەم دەدەن ورێزیان لێ دەگرن,وە بەرانبەر بەهیرشی چەکدارانە و کوشت وبڕیان سەری تەسلیم دا دەنەوینن"ئازادن" دەست بدەنە هەلسوورانی سیاسی- وەیا بە وتەیەکی راست تر" ئازادن" بە بەژن وبالای دەسەلاتدارانی تازە پێ گەیشتوو هەل بەڵین ئەگینا خەلکی زەحمەتکیش وهیزە شورشگیرەکان وبەتایبەت چینی کریکار دەبێ وەلامی نارەزایەتی خوی بە گوللە وزیندان و دادگا وئەشکەنجە وئیعدام وەرگریتەوە{ مەرجەکانی حیزبی دیموکرات بو ئاگر بەس لەگەل کومەلە لە شەرەکانی ئیستادا}. یان { بە پێ بەرنامەی شوورای میللی موقاوەمەت مانگرتنی کریکاران تەنها بەئیزنی دەولەت دەگری, وەبە پێێ تەرحی شوورای میللی موقاوەمەت بو خودموختاری کوردستان قانوونە سەراسەریەکان لەکوردستان دەبێ بێ سی ودوو بەریوە ببرین. مەئموورانی ئەمنییەتی زابەتی دادەگوستەری دەبن ودادگوستەری گشتی وسەراسەرییە}.

وەبێگومان ئەو کوردستانەی وا حیزبی دیموکرات بە تەمایەتی هیچ گوشەیەکی وای تیدانابی کە بەتوندی نەکەویتە بەرنارەزایەتی چینی کریکار و هەموو خەلکی بەشەرەف.

مافی مانگرتنی کریکاران بەئیزنی دەولەت, "بەرابەری" ژن وپیاو بەپێێ یاساکانی ئیسلام, "بەشداری" نوینەرانی کریکاران لە نووسینی قانوونی کاردا کە لە لایەن دەولەتەوە دەنووسری, "ئازادی هەلبژاردن" بۆ مەجلیسی دیموکراتیکی ئیسلامی, شوورای ڕاویژکار{ مەشوەرەتی},

پاراستن وسازکردنەوەی ئەرتەشی پیشەیی, هیشتنەوەی مەزهەبی رەسمی بۆ ولات, ئەمانە چەند گوشەیەکن لەو قانوونە گشتیە سەراسەرییانەی کە بە پێێ بەرنامەی شووڕای میللی موقاوەمەت دەبێ لەکوردستان بەریوە ببرین, وەحیزبی دیموکرات سەلماندبووی کە ئەمانە گەورەترین سەرکەوتن بوخەلکی کوردستان. بەم جورە هینانە بەرچاوی خالە سەرەکیەکانی ژیانی سیاسی, ئابووری وکومەلایەتی لە کوردستانەدا کە حیزبی دیموکرات بەتەمایەتی, کاریکی دژوارنیە. چونکوو وەزعییەتی مەینەت باری ئیستا بەجل وبەرگی خودموختاریەوە, هەروا دەمینیتەوە... .

هەموو" دیموکراسی خوازی وئازادیخوازی وخودموختاری خوازی"یەکەی" بورژوازییە کوردپەروەر" و"نیشتمان پەروەر"ە کەمان هەر ئەمەیە وهیچتر. دەڵێێ هەرچی زیاتر ئەم حیزبە دریژە بە ژیانی سیاسی خوی دەدا, هەرچی زیاتر خوی وەدەردەخا, بەهەمان ڕادە پووچ بوون وگەندەل بوونی داخوازییەکانی زیاتر ئاشکرا دەبێ، وەزیاتر دەردەکەوی کە ئەو حیزبە چ ئیهانەیەك بە داخوازییەکانی خەلکی زەحمەتکیش دەکا.

دریژەپیدانی سەرکوت وخەفەقان لە دژی خەلکی زەحمەتکیش وبەتایبەت چینی کریکار، پێشیل کردنی مافە دیموکراتیك وسەرەتاییەکانی خەلك,. پاراستن وپتەو کردنەوەی مالکییەتی خوسووسی سەرمایەداری, پاریزگاری کردن لە نیزامی کویلەتی وکولەمەرگی، پاریزگاری کردن لە نابەرابەری وبێ عەدالەتی، پاریزگاری کردن لە دەسەلاتدارەتی کەمایەتی چەوسینە بە سەرزوربەی چەوساوەدا، پاریزگاری کردن لە ئەرتەشی پیشەیی ولە بوروکراسی بان سەری خەلك.

بەلام هەموو ئەمانە لەژیر ناوی خودموختاریدا دەکرین وە وشەی خودموختاریش وەك میدال بە بەروکی ئەم وەزعییەتەوە هەل دەواسری! هەموو"دیموکراسی خوازی" یەکەی حیزبی دیموکرات ئەوەندەیە وبەس. جاناوەروکی دیموکراسی وناوەروکی دیموکراتیکی خودموختاری هەر بەڵایەکی بەسەردێ بابێ، حیزبی دیموکرات لەم بابەتەوە مێشێکی لێ میوان نیە وئەوەی بەبای خەیالی دا نایە هەرئەوەیە،

ئەو" بەهەشت" ەی وا حیزبی دیموکرات { لەنامیلکەی کورتە باسیك لەسەر سوسیالیزمدا} وادەی داوە هەتا پەنجا سالی دیکە بیخولقێنێ وەدەشلێ لەوماوەیەدا هیچ ئەحەدیك هەقی نیە لە کوردستان بە بورژوازی بلێ پشتی چاوت برویە و هەقی نیە تاقە یەك کەلیمەشی لە سەر بنووسی, لە ڕاستیدا جەهەننەمیکی ئاوایە. بەلام لە روانگەی کریکارانی کوردستانەوە ئەم جەهەننەمە هەر لە ئیستاوە هەیە و ئەوەندەیە هێشتا میدالی "خودموختاری" یەکەی حیزبی دیموکراتی پیوە هەل نەواسراوە، وەهیچ پیویست ناکا هەتا پەنجا سالتر هەوڵی بو بدری، هەرئێستا بورژوازی جەهەننەمکی وای دروست کردوە. وە دوژمنانە دەروانێتە دەرکەوانە" بیگانە" کانی ئەو جەهەننەمە هەر ئاواش بروانیتە دەرکەوانە "خۆولاتی" و" خویی" یەکەی.

بەلام هەلەیە ئەگەر وابیربکریتەوە کە ئەوە تەنیا حیزبیکی سیاسی بورژوازی خەریکە لە بەر چاوی خەلك پەردەی لەسەر لادەچی، بەڵکوو جگە لەمەوە لەمە گرینگتر ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات بەکاروکردەوەکانی خۆی, گەندەل بوون وداماوی ناسیونالیزمی بورژوایی خستوەتە بەرچاوی چینی کریکار لە کوردستان, وەئیمکانی ئەوەی بۆ کومونیستەکان پیك هیناوە کە زۆر بەئاسانتر بە جەماوەری کریکارانی کورد نیشان بدەن کە ستەمگەری میللی خۆی یەکیك وتەنها یەکیك لەو ستەم وبەڵایی هەژمارەانەیە کە نەزم ونیزامی ئیستا پەیوەندی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری بەسەریدا سەپاندوە. نیشانی بدەن کە سەرچاوەی هەموو رۆژ رەشی وبێ بەشێ ومەینەت ومەرارەتیك کە تووشی بوون نیزامی سەرمایەدارییە وەکریکاران دەبێ نەك هەر بو

نەهیشتنی ستەمی میللی، بەلکوو لە دژی سەرتا پێێ ئەم نیزامە، بوگورکردنی ئەم نیزامە، هەر لەئیستاوە بینە مەیدان.
لەبن دەرکیشانی ڕەگ و ڕیشەی هەموو نابەرابەری وبعەدالەتی وملهوریە،وە بە دەست هێنانی ژیانیکی شیاوی ئینسان, ژیانیك کەتییدا چەوسانەوە، سەرکوت، هەژاری ,بیکاری, ئیعتیاد, ناکوکی وهە

لاوازدنی جینسی، مەزهەبی، قەومی، میللی ونەژادی، فەساد، زیندان وئەشگەنجە وهەموو ئەو مەینەتانەی کە ئیستا بەربینیان بە بەشەرییەت گرتوە، نەمینن وەجیهانێکی نوی، جیهانیکی پر لە ئازادی وبەرابەری ویەکسانی وعەدالەتی کومەلایەتی بنیات نرێ.
ئەوەیە ئامانجی بەرزی چینی کریکار، وە کریکارانی کوردیش سەر بەم چینەن وەهەر ئەم ئامانجە چینایەتیە بەرزە ئامانجیانە، ناسیونالیزمی بورژوایی لەزال بوونی ستەمی میللی بە سەر میللەتی کورددا بە خراپ کەلك وەردەگرێ وهەول دەدا چینی کریکار ولە گەڵ سەتاپیی ئەم نەزمە زاڵمانەیە- لەگەل سەرتاپیی نەزمی چەوسینەرانەی سەرمایەداری ڕابێنێ وئاشتی بکاتەوە، و هەموو نارەزایەتی ئەم چینە بەرانبەر بە سەرتا پێێ ئەم نیزامە, هەتا ڕادەی ئیعتیرازیکی رەق ورووت لە دژی ستەمکاری میللی وە لە ژیر ڕابەری خودی بورژوازیدا داشکینی وسەرکەوتنی بورژوازی بە قیبلەی ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان لەقەلەم بدا. ئەم قسەیە کە"جاری مەسەلە، مەسەلەی نەتەوایەتیە، خەباتی چینایەتی نیە" کە بورژوا- ناسیونالیستەکانی کوردستان کردوویانەتە سەربەندی هەموو قسەکانیان وهەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە، هەر هەوڵدانە لە دژی چینی کریکار. بەڵام چینی کریکار لەسەرتاپێێ ئەم نیزامە ناڕازییە، لەچەوسانەوەکەی، لە بیکاری وهەژاری ومەینەتەکەی، لەکویلەتی ژنان تێیدا, لە کویلەتی و ستەمگاری یە میللیەکەی و لە خەفەقان وسەرکوت وديکتاتوریەکەی ولە... ، وەچینی کریکار تەنیا بەفەوتاندن وتیك شکاندنی ئەم نیزامە رزگار دەبێ، حیزبی دیموکرات بە ئاکان کردەوەدژی دیموکراتیك ودژی خەلکیەکانی خوی نیشانی داوە کە ئامانج و مەبەستی ناسیونالیزمی بورژوازیی، هەرشەتەك دانی زنجیرەکانی کویلەتی خەلکی زەحمەتکیش وپاراستنی وەزعییەتی چەوسینەرانە، ئیستا بە لەشکل ودیمەنیکنتردا.
ناسیونالیزمی بورژوایی، هەرچەشنە هاودەستی ویەکگرتن و ڕیك کەوتنیکی بورژوازی میللەتی ستەم لیکرا ولە گەڵ بورژوازی میللەتی ستەمگەر و تەنانەت لە گەڵ بلووك ئەمپریالیستی یەکان بە بیانووی ئەوە کە"سیاسەت هونەری گونجاوە" لەلای کومەل بە ڕەوا لەقەلەم دەدا و وانیشان دەدا کە لە خزمەت بەرژەوەندی میللەت دایە، بەڵام پیشینە و تاریخچەی سات وسەودا وهەڵگەڕانەوەکانی حیزب دیموکرات بە کردەوە بەهەمووانی نیشان دا کە ئەم هەوڵ وتەقەلایانە هەر لەبنەرەتەوە لە دژی چینی کریکار ولە خزمەت پاراستنی نەزمی مەوجوود وەفروشتنی "نیشتمان" و"میللەت"دان، وەمانای ئەو قسەیە کە"سیاسەت هونەری گونجاوە" تەنیا دژایەتی کردن لە گەڵ چینی کریکار ودیموکراسیە.
ناسیونالیزمی بورژوایی, لەو لاوە, بو بەرگری کردن لەبەهیز بوونی چینی کریکار هەرچەشنە یەکیەتی ویەکگرتنیکی کریکارانی کوردستان لە گەڵ کریکارانی ئیران، لە گەل باقی هاوچارەنووسانی خۆیان لە ئیران لە ژیر ناوی نفووزی شونینیزم دا, بەختەتا لەقەلەم دەدا وەئەو کەلە بەرەی بە زۆر لە نیوانیان دا دروست کراوە قوولتر دەکاتەوە، بو

ئەوەی کریکارانی کورد بکیشیتە ژیر بالی سیاسەتە بورژواییەکانی خۆی، بەڵام هەرکریکاریکی کورد بەپێی ئاستی ناونجی تێ گەیشتنی خۆی بە دیتنی وەزعیەتی ئەم چەند سالەی ڕابوردوو دەتوانی پەی بەوە بەرێ کە حیزبی دیموکرات هاوچارەنووسی ئەونیە، بەلکوو چینی کریکار وچەوساوەکانی ئیران هاوچارەنوسئن, وە دوژمنە کەشی نەك کریکارانی ئیران بەلکوو کوللی بورژوازی ئیرانە.
ناسیونالیزمی بورژوایی کاتیك کە دەبینی بیروباوەری سوسیالیستی ئاژین بووەتە نیو چینی کریکارو لە ڕووی وەستاوە, بەناچاری لەسیمای سوسیالیزمی بورژوایدا بەرەنگاری کریکاران دەبێ، وە وادە دەدا کە لە داهاتوودا-هەر چەند داهاتوویەکی دووروناديار-هەر خوی بەبێ ئەوەی پیویستی بە کریکاران هەبێ، بەبێ ئەوەی پیویستی بە دیکتاتوری پرولیتاریا هەبێ "سوسیالیزم" یان بۆدامەزرینی. بەڵام حیزبی دیموکرات نیشانی دا کە هەر ئەمرو چ ئیستعدادیکی هەیە لە دژایەتی کردن لە گەڵ چینی کریکار وبەرژەوەندی ئیستا وداهاتووی ئەو چینەدا، وەچلون بە ئاشکرا حاشا لەمەوجوودییەتی عەینی چینی کریکار دەکا.
بەڵام چینی کریکاری وشیار هەر ئەمرو لە هەموو گوشە و قوژبنیکی ئەم نیزامە نارازیە وهەر لە ئەمرووە بەهیزی خوی بۆ ژێر و ڕوو کردنی ئەم نیزامە و دامەزراندنی سوسیالیزمی پرولیتیری خەبات دەکا، وە خەباتی خۆی لە پیناو نەهیشتنی هەر چەشنە ستەمیك دا, بە جوریك بەرەو پیش دەبا کە توانایی و هیزی بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی و لە پیناو ئازادی, بەرابەری وحوکوومەتی کارگەری دا زیاتر بکا.
ئیستا کاتی ئەوەیە کە جەماوەریکی هەرچی بەرین تری کریکارانی کورد تێ بگەن بەنرخترین ورزگاری بەخش ترین ئامانج, ئامانجی چینی کریکار یانی بنیات نانی کومەلی نویی سوسیالیستیە. کومەلیك کە تێیدا چەوسینەران دەسکوتا دەکرین ولە دەسەلات دەخرێن, وەئیتر بەرهەم هینان وگورینەوەی کالا لە مالکییەتی خوسووسی ولە ژیر دەستی چینی سەرمایەدار دەر دەهێنرێ ودەنرێە بەردەستی هەموو کومەل بە گشتی وەبۆ یەکەمین جار لە میژووی بەشەردا, ئیمکانی ئەوە پیك دێ کە هیزی بەرینی بەرهەم هێنەرو دەسکەوتە ماددی ومەعنەوی یە جوراوجورەکانی کومەل لەهەموو مەیدانیکی زانست وتکنولوژی وفەرهەنگ، بخرێنە پیناو وەڵامدانەوە بە پیداویستیە ماددی ومەعنەوییەکانی کومەلانی خەلك. ئامانجی چینی کریکار, بەرزترین ئامانجی بەشەریە چونکوو ئەم جیهانە پیچەوانەیە هەڵ دەستینیتەوە سەرباری خوی بە جوریك کە ڕەگ و ڕیشەی چەوسانەوە وستەم لەبن دەربێ, کومەل بە چینی باڵادەست و ژیردەست دابەش نەکرێ، نابەرابەری وبی عەدالەتی نەمێنێ وە ئەوپەری ئاسایش و حەسانەوە بۆ هەموو ئەفرادی کومەل دابین بکرێ، ئامانجی چینی کریکار بەرزترین ئامانجی بەشەریە چونکوو بۆ یەکەمین جار لە میژووی بەشەرییەتدا ئینسان خۆی, بە هیزی هەست وئاگای خۆی, وەبە پێی نەقشە لە پیناو بەختەوەری ئینساندا لە پیناو گەشترین و ئازادترین نەوعی ژیانی بەشەریدا، کومەلی خۆی،کومەلی ئینسانی ساز دەنێ و ڕێکی دەخا.
ئەم کارە، کاری چینی کریکارە. کاری چینیکە کە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ نیزامی کویلەتی وکوڵەمەرگی نیە ولەگەلی هەل ناکا, وەرزگار بوونی خۆی لەگرەوی فەوتانی ئەو نیزامە دایە. بەلام چینی کریکاریش تەنیا کاتیك دەتوانی هیز ودەسەلاتی بورژوازی تیك بشکینی, تەنیا کاتیك دەتوانی دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگری وریشەی ستەم وچەوسانەوە لەبن دەرهینی ونەزمیکی نوێ بنیات بنی، لە یەك کەلام دا تەنیا کاتیك

دەتوانی سەربکەوی کە چەکی سەرکەوتنی خوی بەدەستەوە گرتبێ، ئەم چەکەش تەنها بریتییە لە حیزبی سیاسی چینی کریکار، حیزبیك کە چینی کریکار بو جی بەجی کردن وبە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی بەرەو پیش دەبا وریکی دەخا. کریکارانی کورد دەبێ زیاتر لە هەمیشە تێبگەن کە حیزبی کومونیستی ئیران هەر ئەو چەکەیە. سازمانی کوردستانی ئەو حیزبە-کومەلە-هەر ئەو چەکەیە وهەر بۆ ئەو ئامانجە بەرزو رزگارییەخشە خەبات دەکا, وەهەر بویەش پارێزەرانی نەزمی کون لێێ بێزارن، لێێ توورەن وەلێێ توقیون.

هەموو کریکارانی کورد دەبێ هەر لە ئیستاوە خەباتکاری کولنەدەری ئامانجی خویان واتە کومونیزم بن وبەبێ هیچ وچان و وەستانیك، بەبێ هیچ دواخستن وخاوەخاولێکردنیك، بۆ وەدیهینانی تێ بکوشن، وەلەم ڕێگایەدا جگە لەهیزی ریکخراوی خویان متمانە بەهیچ هیزیك نەکەن وجگە لە حیزبی چینایەتی خویان پشت بە هیچ حیزبیك نەبەستن وهیوایان پێێ نەبێ.

پیویستە چینی کریکار لە کوردستان, هەر بەوجورەی کە شیاوی خۆیەتی یانی وەك هیزیکی ماددی-کومەلایەتی, چەکی سەرکەوتنی خۆی حیزبی کومونیستی ئیران وسازمانی کوردستانی ئەو حیزبە-کومەلە قایم و پتەو بە دەستەوە بگرێ وبە هەموو توانایەوە وبێ باکانە پشتیوانی لێ بکا، راستەوخۆ بیتە ناوریزەکانی، سیاسەتەکانی ڕەچاو بکاو بیانکاتە کار و کردەوەی جەنگاوەرانە و خەباتکارانە،وە وەك ئەرتەشیکی ئیجگار جەنگاوەرو ئیجگار بەنەزم دیسیپلین, جگە لە فەرمانی حیزبە چینایەتیەکەی خۆی هیچ فەرمانیك قەبوول نەکا، وە بەم جورە کاریك بکا کەهەرچی زووتر روژی خۆی بیتەوە.

بەگومان ئەمە خوی لە هەمان کاتدا گەورەترین وکاریگەرترین خزمەتیشە بە بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان، چونکوو راستی و رووداوەکانی ئەم شەش سالەی ڕابوردووش نیشانیان داوە کە تەنیا کریکارانی سوسیالیست کریکارانیك کە هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ هیچ گوشەیەکی ئەم وەزعە مەینەت بارە نیە و بۆ ژیرەو ژوورکردنی سەرتاپێێ ئەم نیزامە خەبات دەکەن- شیلگیرترین خەباتکارانی ڕیبازی نەهیشتنی ستەمی میللی و دامەزراندنی دیموکراسی شورشگیر لە کوردستانن وە لەم ڕێگایەدا مل بە هیچ سازانێك نادەن, وەبە هەر ڕادەیەك کە هیز ونفووزی حیزبی کومونیست لە کوردستان بەگورتر و بە هیز وتواناتر دەبێ وزەمانەتیکی هەرچی زیاتری دەبێ بوسەرکەوتن نەك هەرکومەلانی کریکار< بەلکوو هەرکەس لەخەلکی کوردستان کە ئاواتی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەی لەدڵ دابێ، دەبێ لەم راستییە بەرنامەی کومەلە بۆ خودموختاری کوردستان پرسەیاننامەی مافەسەرەتاییەکانی خەلکی زەحمەتکیش لە کوردستان, رەنگدانەوەی دیموکراسی شیلگیر وشورشگیری پرولیتاریان لە کوردستان کە نەك هەر هەموو داخوازیەکان, هەموو ئاواتە خنکیندراوەکان و هەموو ویستە دیموکراتیك و ڕەواکانی خەلکی کوردستانیان بەیان کردوە. بەلکوو مەیدان وئاستی تەوەقوع وچاوەروانی دیموکراتیکی جەماوەری خەلکی کوردستانیان بە شیوەیەکی بێوینە بەرین وبەرزکردوەتەوە:

نیزامی دیموکراتیك وشوورایی دەسەلاتدارەتی راستەوخۆی جەماوەر، چەکدارکردنی گشتی، ئازادی بێ قەید وشەرتی هەلسوورانی سیاسی، ئازادی قەلەم، دەربرینی بیروباوەر، چاپەمەنی ریکخستن وحیزبایەتی، ئازادی بیروباوەر، ئازادی بروا بە مەزهەب یان بێ بروایی بە مەزهەب، بەرابەری قانوونی مافی ژن وپیاو، نەهیشتنی ستەمگەری میللی و وەدیهینانی مافی بەرابەر بو میللەتان، داخوازی ئابووری وریفاهی

بۆ خەڵکی زەحمەتکیش، کوتایی هینان بەنەخویندەواری، ریزدانان بۆ شەخسییەتی ئینسان و قەدەغەکردنی هەرچەشنە بێحورمەتی وئیهانەتیك بە شەخسییەتی ئینسان، وەگەڵێك داخوازیتری لەم چەشنە، ئەمانە ئەو داخوازییانەن کە خەڵکی زەحمەتکیشی کوردستان دەتوانن هیوادارین لە سبەی روژی سەرکەوتنی شورشی کوردستاندا-وە لەهەر ناوچەیەك کەتەنانەت بۆ ماوەی چەند روژ ئازادیی-لەلایەن کومەلەوە وەك فەرمانی سەرکەوتنی شورشی خەڵکی زەحمەتکیشی کوردستان راگەیەندرین وبە پشت ئەستووری هیزی وشیار وچەکدار و ڕیکخراوی خەلك دەس بەجی وبە بێ راوەستان بەریوە ببرین.
راستییەکتر کە پیویستە هەموو خەلکی کوردستان لەبەرچاوی بگرن ئەوەیە کە سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران-کومەلە نەك هەرخۆی راستەوخۆ ئاڵاهەلگر وپاریزەر و ڕابەری شێلگیری دیموکراسی شورشگیرە لە کوردستان, بەلکوو وەك بە شیك لە حیزبی کومونیستی ئیران, پەیوەندی ماددی و واقیعی و توانابەخش لە نیوان بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان وشورشی داهاتووی ئیران دا بە باشترین شیوە ڕەمانەت دەکا, پەیوەندیك کە لە ئەنجامدا شورشی ئیران, خەباتی بەهیز وچارە نووس دیاریکەری چینی کریکار لە ئیران، دەبیتە پشتیوانەی قایم و لەشکان نەهاتووی بزووتنەوەی هەق خوازانەی خەڵکی کوردستان, هیز وتوانایەکی ئیجگار زوری پێ دەبەخشی. لە سەرکەوتن نزیکی دەکاتەوە وەبەسەرکەوتن وشکل پیدانی دەسەلاتی شورشگیرانە لە ئیرانی سبەی روژدا, پاراستنی دەسکەوتەکانی شورشی کوردستان و قوول بوونەوەو بەرین بوونەوەی ئەم شورشە زەمانەت دەکا.
هەموو خەلکی ئازادیخواز لە کوردستان کە دەیانەوی ڕەنج وفیداکارییەکانیان بە فیرو نەچی و بە سەرکەوتن بگا وەمافە دیموکراتیکەکانی خویان بەدەست بینن, دەبێ بە پشتیوانی کردنی لێبراوانە و ڕاشکاوانە لە کومەلە دیفاع لە ماف وداخوازییانە بکەن, وەلە جیاتی ئەوەی دڵ بە" دیموکراسی خوازی" هیزیکی بورژوایی" وەك حیزبی دیموکرات خوش بکەن, تێبکوشن بۆ ئەوەی داخوازی ڕوون و ڕاشکاوی دیموکراسی وشورشگیر ومافەکانی خەلکی زەحمەتکیش جیگیر بکەن وبە سەر ئەم جورە هیزانەدا دا سەپینن.
تەبیعەتی زیندووی هەل ومەرجی ئیستای ژیانی سیاسی کوردستان, گەلیك زەمینەی لە بارتر لەرابوردووی بۆ پەرەگرتن و بە هیز بوون و جیگیر بوونی ئامانج وبیروباوەر وسیاسەت وبەرینی چینایەتی حیزبی پرولیتاریا لە زەینی کریکاران وزەحمەتکیشانی کوردستاندا-وەلە ئەنجام دا پشتیوانی ماددی وعەمەلی لەو حیزبە پیك هیناوە. هەلسووراوان ئەرکی سەرشانیانە لەم مەیدانە عەمەلییەدا, لە جەرگەی ئال وگورەکانی ئیستادا، داماوی ناسیونالیزمی بورژوایی بە هەموو کریکارانی کوردستان نیشان بدەن ویاریدەیان بدەن کە توری خورافە وخوش خەیالی بورژوا- ناسیونالیستی لە بیر و زەین وئاوات وئارەزووەکانیان بسرنەوەو قەناعەتییان پێ بینن کە بیجگە لە سوسیالیزم, بیجگە لە ئاڵای" ئازادی, بەرابەری, حکوومەتی کارگەری" هیچ ئاڵایەکی تریان بورزگار بوون نیە, وە بەحیزبی کومونیستی ئیرانەوە پەیوەست بن.

جەعفەری شەفیعی جوزەردانی 1364